# ئێکسسواری گەورە و نەخشداری دوو وەرزە

لەگەڵ گۆڕینی وەرز و مانگەکانی ساڵ، گۆڕانکاری بەسەر جل و بەرگ و ئێکسسوارەکانیشدا دێن، چونکە ئەوان بەندن بە مۆدی وەرز و مانگانەیان، بۆ نموونە، ئێکسسوارەکانی هاوینە و پاییز، جیاوازن، هەر یەکە شێوازێکن، لەگەڵ ئەوەشدا جار جارەش مۆدی ئێکسسوارەکان نێوان وەرزەکان دەردەکەون، هەندێك لەو ئێکسسوارانە بە ئێکسسواری دوو وەرزە دەناسرێن، کە دەتوانی لە دوو وەرزدا لەبەریان بکەیت، ئەو جۆرە ئێکسسوارەش بە جۆرێك دروست کران، کە هەندێکیان شێوە و نەخشیان مۆدی وەرزێکە، لە قەبارەشدا مۆدی وەرزێکی دیکەیە، یان بە پێچەوانەوە کاریان بۆ کردووە، بۆ نموونە : ئێکسسواری نەخش ورد، مۆدی ئێکسسواری پاییزە، ئەگەر ئەو ئێکسسوارە گەورەش بێت، واتە مۆدەکی لە ئێکسسوارەکانی وەرزی هاوین وەرگیرابێت، دەبێتە ئێکسسوارێکی نەخش ورد و قەبارە گەورە، ئەو ئێکسسوارە دەکرێت هەم لە هاوین کە بە گەورەیی دەناسرێت، هەم بۆ وەرزیش پاییزی کە شێوازە وردەکەی لێی وەرگیراوە، لە هەردوو وەرزدا لەبەر بکرێن.



# چۆن تەمەنی لاویت بەڕێ دەکەیت



# ئارایشتەکانی قژی بووک بۆ ساڵی (٢٠١٦)

چەند ڕۆژێك بەر لە زەماوەند و ئاهەنگی گواستنەوە، کچان و خانمان لە سەرووبەندی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئەو ڕۆژەی ساڵانێکە خەونی پێوە دەبینن، تا بووکێکی ناسك و بەرچاو و سەرنجڕاکێش بن، پێویستت بە هەموو هەنگاوەکانی جوانییە، تا لەو ڕۆژەدا لەسەر ڕووخسار و پرچ و دەم چاو و لەش و لارت شیکیان بکەیت، ئەوەی گرنگە و لە هەمووی زیاتر سەرنجی لەسەرە، بە تایبەت لەلایەن دەستەخوشکان و هاوڕێیانت، بریتییە لە ئارایشتی قژت، پێویستە شێوازە ئارایشتێکی ناوازە و جوان بۆ قژت بکەیت و مۆدێکی شایستەی بۆ دابین بکەیت، ئەگەرچی چەندین شێوازی تەسریحە هەن، بەڵام دیارترینیان کە بۆ مۆدی قژی بووکانی ساڵی (٢٠١٦) دانراون، ئەوانەی خوارەوەن و تۆش یەکێکیان هەڵبژێرە لەگەڵ شێوازی ڕووخسار و ماکیاژ و جلت گونجاو بێت :

- ئارایشتی کێرلی : ئەوەی لە نێوان کچان بە کاریٚ ناسراوە، مۆدێکی نایابە لە جوانیدا، کە زۆربەی قژت لەم شێوازەدا بەلایەکی سەردا دەکەوێت، دەتوانی بەشەکەی دیکەش بە ئێکسسوار بڕازێنیتەوە.

- ئارایشتی سادە بە تاج، مۆدێکی ناوازەیە و زۆربەی کچان ئەو شێوازەیان بەلاوە گرنگە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی پرچیان درێژە دەتوانن تاجێکیش لە پرچیان بدەن و بەمەش وەك بووکێکی شاهانە دەردەکەویت.

- ئارایشتی هەڵگیراو، شێوازێکی نایابە، کە زۆربەی بەشی پێشەوەی پرچ هەڵدەگیرێت بەرەو سەرەوە، چ بە سادە بێت، یان دەتوانی کەزی بچووك و لکی لێی بێتە خوارەوە، کە لە شێوەی بازنەیی یان شێوەی کێکدا دەردەکەوێت.

- ئارایشتی کەزی تەنیشت، یەکێکە لە مۆدە باوەکان، بە تایبەت بۆ ئەوانەی پرچیان خاو و کورتە، جگە لەوەی بەشی پێشەوە بە لایکدا دەبێت، هەروەها کەزی لوول بەلای تەنیشتی سەردا دەچیٚ و دەشتوانی ئێکسسواریشی لەگەڵدا بەکاربهێنێت.

- ئارایشتی ئاڵترۆ، بۆ ئەوانەیە کە پرچیان کورتە و یان قژیان تەنکە، جگە لەوەی ئەوانەی حەز ناکەن پرچی دەستکرد بۆ قژیان زیاد بکەن، دەتوانن ئەو ئارایشتە هەڵبژێرن، دانانی ئێکسسواریش زیاتر پرچت ڕازاوەتر و جوانتر دەکات.

قوناغەکانی تەمەنی کچان، لە چەند بەشێکەوە پێکدێن، تەمەنی منداڵی و بەرەو کچ بوون و پاشان هەرزەکانی و خانمایەتی و ئافرەت، ئەو قوناغانە لە چەند ساڵێکدا دەردەکەون، ئەگەرچی کچان هەست بە خۆیان ناکەن تا لە تەمەنی هەرزەکاری نزیك دەبنەوە، کە تەمەنێکە نێوان (١٣ تا ١٩) ساڵی بەردەوام دەبیٚ، لەم ماوەیەدا هەموو ڕەوشێك دێتە ڕێگەت، جار جار وەك منداڵێك یاری دەکەیت، هەندیٚ جاریش خۆت لە نێو گەورەکاندا دەدۆزیتەوە، بە تایبەت لەو کاتەدا کە گرنگی تەواو بە خۆت دەدەیت و بەرەو گۆڕانکاری لە ڕەوشت و کردار و ڕەفتار و شێوەی جەستەشت دەچیت، هەر بۆیە کاتێك هەست دەکەیت کەوتیتە ناو ئەو قۆناغەوە، ئەو لایانانە ڕەچاو بکە و تا خانمێکی پڕ کەسایەتی و ناسکت لێت دەربچێت : هەوڵدە لەم تەمەنەدا کێشت ئەوەندە زۆر نەبێت و گرنگی بە جەستە و لەش و لارت بدە، چونکە تا دیٚ جەستەت گەورەتر دەبیت، ئەوەندە کاریگەر مەبە بە مۆدی کەسانی هونەرمەند و وەرزشکاران و بەڵکو شێوازی خۆت بۆ خۆت دیاری بکە. هەوڵبدە وەرزش بکەیت و تا تەندرووستیت باش بێت و ئاگاداری باری تەندرووستیت بە. خەوت باش بێت و پەرە بە بواری ڕۆشنبیری و زانیاری گشتی و زانستت بدە، کەسایەتیشت لە بیر مەکە، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بە. وا چاکە کابانیش بیت و بتوانە خواردن حازر بکەی و لێزان بە. جلی شیاو لەبەر بکە کە لەگەڵ کەسایەتیت و کۆمەڵگادا بگونجێت.





# جل و بەرگی بووک و زاوا لە جیهان

داب و نەریتی هەر نەتەوە و وڵاتێك جیاوازە لەگەڵ هەر نەتەوەیەکی دیکە، هەندێکیشیان لە یەکتر نزیکن، ئەوەش بەپێی تیکەڵبوونی خەڵکی هەردوو نەتەوە، یان هەردوو وڵاتە، بەڵام زۆربەیان جیاوازییان هەیە، چونکە خەڵکی هەر وڵاتێك هەر یەکەو بە پێی نەریتی کۆمەڵگەی خۆی دیزاینی جل و بەرگی بۆ دەکرێت. وەك دەزانین جلی بووك و زاوا جلێکی ستاندارد و فەرمییە، کە بووکەخان زیاتر کراسی عەزیەی سپی لەبەر دەکات و زاواش قات و چاکێتی ڕەش، یان ڕەنگێکی دیکە، هەشن حەز دەکەن بە جلی فۆلکلۆر و نەریتی خۆیان ڕۆژی زەماوەندی خۆیان بەڕێ بکەن، واتە هەر یەکەو جلی تایبەت بە نەتەوەکە لەو ڕۆژەدا لەبەر دەکەن. لێرەدا نموونەی هەندێك لە جلی بووك و زاوای وڵاتان و نەتەوەکانی جیهان دەخەینەڕوو کە زۆربەیان جلی سەیر و ڕەنگاوڕەنگ و سەمەرەیە، وەك وڵاتانی: هیندستان، گانا، ژاپۆن، چین، نەرویج، ئەندەنووسیا، مالیزیا، هۆزنەکانی ئەفریقیا، بەڵام سەیرترینیان جلی بووك و زاوای ئوستکلەندایە، کە زاوا تەنوورەیەکی فولکلۆری خۆیانی لەبەرە و جلی بووکەش لەوەی زاوا سەیرترە.

# تونێلی خۆشەویستی

هەر کەسێك بە نێو ئەو تونێلەدا ڕەت دەبێ، وەکو ئاشقان دەڵێن: لە خۆیەوە هەستی خۆشەویستی بۆ دروست دەبێت و ئەگەر تۆش لەوێ بیت، دڵت بۆ ئەوە دەچێ کە لەگەڵ دۆستەکەتدا بیت و دەستی لەناو دەستت بێت. ئەو تونێلە دەکەوێتە شاری (کلیفان) لە وڵاتی ئۆکرانیا. جاران ئەو تونێلە شوێنی تێپەڕبوونی شەمەندەفەڕ بووە، بەڵام دوای ئەوەی هێڵی شەمەندەفەڕی لەسەر نەماوە، ئیدی ڕێڕەوی ڕێگایەکە بە دار و گوڵ ڕازاوەتەوە، شێوەی وەك تونێلێکی لێهاتووە، کە ئەوەندە دڵڕەفێنە بۆتە شوێنێکی گەشتیاری، ئاشقان و خۆشەویستان لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا سەردانی ئەو تونێلە دەکەن و خۆشەویستییان لەگەڵ هاوسۆزەکانیان دەگۆڕنەوە. درێژیی تونێلەکە کە بە تونێلی سەوز ناسراوە، نزیکەی پێنج کیلۆمەتر دەبێت. زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن دەڵێن: ئەوانەی سەردانی ئەم تونێلەیان کردووە، خۆشەویستییان بەردەوام بووە، وەك ئەوەی شوێنێکی پیرۆز بێت بۆ خۆشەویستی و هاوسۆزی و هاوژینی کە داهاتوویان قایمتر دەکات.

# بووکە شووشەی راستەقینە

هەندێك لە ئافرەتان دەڵێن: جوانی هەم خۆشییە و هەمیش بەڵایە، ئەوانەی جوانن و شێوە و لەش و لارێکی ناسکیان هەیە، هەمیشە دووچاری داواکاری و سەیرکردن و قسە پێگوتن دەبنەوە، ئەو دیاردەیە هەر تەنیا لەلای خۆمان نییە، بەڵکو لە وڵاتانی جیهانیش هەیە، ئەوەتا ئەو کچە رووسیە لەبەر جوانییەکەی دایك و باوکی ناهێڵن بچێتە دەرەوە، یان ئەگەر بچێت کەسێکی لەگەڵدا دەنێرن تا پاسەوانی بکات، ئەو کچە ناوی (ئەنجەلیکا کینۆڤا)یە، شێوەی ئەوەندە ناسك و جوانە کە لە بووکەشووشە دەچێ. تەمەنی (٢٥)ساڵە، خاوەنی چاوێکی گەش و روخسارێکی زۆر ناسکە، پێستی سپی و نەرم و نیانە، درێژی باڵای دەگاتە (١٦٥) سەنتیمەتر و کێشی (٤١) کیلۆگرامە، تەنانەت ناوقەدیشی ناگاتە (٤٠) سەنتیمەتر، بەهۆی ئەو جوانییەوە کاتێك دەچێتە دەرەوە، بێزار دەکرێت و ناتوانێت بە ئاسایی بێت و بچێت، هەر بۆیە تەنیا لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی پێوەندی بە خەڵکەوە دەکات و هەواداری زۆریشی هەیە.







# دەستڕەنگینی رستن و چنینی ئافرەتان لە کوردستان

چ لە کۆن و چ لە رۆژگاری ئەمڕۆمان هەمیشە ئافرەتانی کورد بە دەستڕەنگینی و لێهاتوویی لە کارەکانیان ناسراون. لە ژیانی کوردەواریشدا زۆرجار دەبینین کە خانمان کاری ناوازە دەکەن، بیرۆکەی ئەو بەرهەمانەشیان لەلایەن خۆیانەوە داڕشتووە و کاریان بۆ کردووە، نموونەی ئەو کارە جوانانەش ئەو دوو خوشکە دەستڕەنگینەن کە تەنیا بە فێربوون و حەز و خولیای خۆیان، توانیویانە کۆمەڵێك بەرهەمی رستن و چنین بە دەستە رەنگینەکانیان بچنن و دروست بکەن. (جوان و ئیلاف)، ئەو دوو خوشکەن و دوای ئەوەی کۆمەڵێك بەرهەمی خۆیان ئامادەکرد، پیشانگایەکی بچووکیشیان بۆ کارەکانیان کردەوە، بەرهەمەکانیشیان بریتیی بوون لە: جلوبەرگ وەك شاڵ، کڵاو، جانتای گەورە و بچووك، دەستەوانە، ملپێچ، هەروەها کەرەستەکانی دیکەی ماڵ وەك پێداویستییەکانی چێشت وەك ژێر قۆری، ژێر پیاڵە و کووپ، دەستگر، هەروەها چەندین ئێکسسواری ناسك و جوان وەك دەسبەند و ملوانکە و بازن کە زۆربەیان لە زەنگیانە و مورووی و نقێم دروست کراون. (جوان) دەڵێ: «ماوەیەکی زۆرە خولیای ئەو کارەم، هەر چۆنێك بێت خۆم فێرکرد، کەرەستەکانمان ناسك و سادەن، زۆربەی لە سووف و پەموو و فیزۆن دروست دەکەم، ئەگەرچی کاتم زۆر دەبات و پێوەی ماندوو دەبم، هەندێ جار تەنیا بۆ جەنتایەك (٢) کاتژمێرم پێدەوێت تا تەواوی دەکەم، چنین و رستنەکەشم بە (سنارە) دەکەم، چونکە بە شیش کارەکە قورسترە.» گوتیشی: «بیرۆکەم هەیە لە داهاتوودا کارەکەم گەورەتر بکەم و پیشانگای تایبەتیش بکەمەوە، کارەکەشم بۆتە جێگەی سەرنج و دڵخۆشی خەڵك و بەردەوامیش ستایشمان دەکەن.»






## کاوڕ

چاوت لە کارەکانی خۆت بێت و ڕێگە بە کەس مەدە دژایەتیت بکات. ئەو ماوەیە ساتێکی ناخۆش بووە بۆت و لە داهاتوودا بەرەو باشی ڕێگە دەگریت. لەلایەنی سۆزدارییەوە گەشبین بە و لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت ڕێکبکەوە و هاوکاری یەك بن، کەسێکی زیرەك و خاوەن بیرۆکەی جوانی.



## گا

باری دەروونیت بەرەو باشی دەچێتء هەست بە ئارامبەخشی دەکەیت، هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ کردوون و چاوەڕوانی ئەنجامەکان بکە، هەندێك لە هاوڕێکانت سەرکەوتنەکانت دەسەلمێنن، لەبواری سۆزدارییەوە کاتی ئەوە نییە دژایەتی ئەو کەسەی دڵت بکەیت.




## جمک

ماوەیەکە دەتەوێ ئەو هەنگاوانەت جێبەجێ بکەیت، بەڵام تووشی گرفت دەبیتەوە، بزانە کە کات گونجاو نییە بۆ بڕیاردان، بۆیە پەلە مەکەو زیاتر لێکۆڵینەوە لەکێشەکان بکە تا چارەسەری باشیان بۆ دەدۆزیتەوە، مامەڵەکردنت شیاوە لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و کەسێکی زیرەك و ژیری.



## قرژاڵ

بێزاریت پێوە دیارە و وا هەست دەکەی بەخت یاوەرت نییە لە هیچ کارێکدا، ئەو ماوەیە تووشی کێشە بوویتەوە و خەمیشت پێوەی خواردووە، هەوڵبدە دڵەڕاوکێت کەم بکەیتەوە کە ماوەیەکە بەسەرتدا زاڵە، ناخۆشییەکیش ڕووت تێدەکات بەڵام کاریگەری خراپی نابێت، کات گونجاوە بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانت.




## شێر

هەمیشە چاودێری کاری کەسانی دیکە دەکەیت، بەڵام ئەوەندە لەسەر هەنگاوەکانت جێگیر نیت، بەراوردی نێوان خۆت و کەسانی دیکە مەکە و لەسەر هەنگاوەکانی خۆت ڕێگە بگرە. کارێکی نوێت پێ ڕادەسپێرن، پێویستە بەباشی بیری لێ بکەیتەوە و بەجوانی لێی وردببیتەوە.




## گوڵەگەنم

بەر لەوەی شتێك ڕووبدات، هەستی پێدەکەیت، بەڵام بۆ خودی خۆت بەپێچەوانەوە بۆت دەگەڕێتەوە. هەوڵبدە ئەوەندە بیر نەکەیتەوە و لە واقیعدا کارەکانت دەستپێبکەیت. کەسێکی نزیکت پێویستی بە یارمەتی تۆیە، چونکە تۆ تەنیا کەسی کە بە تەواوی تێیدەگەی و متمانەی پێتە، هاوکاری بکە.



# پەند و وتە

- زیگ زیگەلر، کەسایەتی سیاسەتمەداری ئەمریکییە، لە ساڵی (١٩٢٦) لە دایك بووە و لە ساڵی (٢٠١٢) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خەون و ئامانج گوتوویەتی: ئامانجەکان بریتین لە خەونەکان، دەبێت بێگۆڕین بۆ پلان و پاشان هەنگاو و دواتر جێبەجێکردن.




# کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا باس لە قوربانیدانی سەربازەکان دەکات، یان کەسانی سادە و گێل، کە هەمیشە دەبنە قوربانی بۆ پاشا و دەسەڵاتداران و ئەوانەی لە پشتەوەی کەسانی ئاسایی دەژین.

# ڕایەخ و موکێتی زێڕ و گوڵدار

**لەدواترین فیستیڤاڵی (دوبەی) بۆ بازاڕکردنا کە ئەمساڵ (٢٠١٦) بەڕێوە چوو، بەشێکی تەرخان کرابوو بۆ جوانترین و گرانترین ڕایەخ و موکێت، هەندێکیان لە جوانیدا جێگەی سەرنج بوون و هەندێکیشی بە نرخی خەیاڵی فرۆشران، ناودارترینیان ڕایەخێکە بە ناوی (باخچەی بەهەشت)، کە لە (٥) هەزار گوڵی وشککراوە دروست کراوە، جگە لەو گوڵانە بڕی (١) کیلۆ زێڕیش لە پێکهاتەی ڕایەخەکەدا چێ کراوە، بە درێژی (٥) مەتر و پانی (٤) مەتر، واتە ڕووبەری (٢٠) مەتر دووجایە، ڕایەخەکە لە سووف و حەریر دروست کراوە و هەروەها گوڵ و زێڕیشی تیایدا بەکارهێنراوە، هەر ڕایەخێك نزیکەی (٣) ساڵی خایاندووە تا کاری دروست کردنەکەی تەواو بووە.**






# ژیانی شاعیران

جگەرخوێن

ناوی (شێخ موسا کوڕی حەسەنی کوڕی محەمەد) ـە لەساڵی (١٩٠٣) لە گوندی حەسار کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باژێری (حەسەنکێف) لە کوردستانی باکوور لە دایك بووە. جگەرخوێن تەمەنی زۆر بچووك بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە و دواتر لەگەڵ دایك و خوشك و برای خۆی بەرەو شاری (ئاموودە) دەچن، لەوێ دایکیشی کۆچی دوایی دەکات، لە ساڵی (١٩١٧) دەچێتە بەر خوێندن و لە ساڵی (١٩٢٣) تەواوی دەکات، ماوەیەك مەلایەتی کردووە. لە (١٩٨٤) لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی سوید دڵی مەزنی لە لێدان دەوەستیت و لە باژێڕێ (قامشلو) لە کوردستانی ڕۆژئاوا دەنێژرێت.





## نوکـــــتە

- یەکێك سەیری کارتۆنی تۆم و جێری دەکرد، لە خۆیەوە گوتـی: خۆزگـە بمزانیبایـە ئـەو مشـکە چ تامێکـی لێی دێت، ئەو پشیلە ئەوەندە بە دوایەتی و ناشتوانێت بیگرێت!

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ریز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

ی   س   ئ   ر   ه

ئاسانکاری : شاعیرێکی کوردە !

### شایان

خەمی کەسانی دیکەت هەبێت و یارمەتییان بدە، بەڵام نەوەك تەنیا هەست بە ئازار بکەیت و دەستەوەستان بیت، ژیانی تایبەتیت گرنگە بۆت و ئاراستەکانی خۆت مەگۆڕە و لەسەر ڕێچکەی خۆت بڕۆ، ئەگەر خوازیاری پێوەندییەکی راستەقینەی ئەوا ئێستا کات لەبارە لەدەرگات دەدا، بەڵام تۆ نازانی چۆن دەرگای لێبکەیتەوە.

### دووپشک

هەستی کەسانی دیکە لەبەرچاو بگرە و خەم لە هەموو شتێك مەخۆ، هەوڵبدە لەسەر خۆت بە ئاسانی وەریانبگریت و کاری خۆت جێبەجێ بکەیت، لە ئیشء کاردا هەندێ کاریگەری جۆراوجۆر هەیە و بەشێکیان بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە بەسەرتدا دەشکێتەوە، بەڵام بەهۆی بەهێزیت سەرکەوتن لێت نزیك دەبێتەوە.

### کەوان

ئاگاداری باری دەروونیت بە و خۆت لە ناکۆکییەکانی نێوان کەسانی دەوروبەرت بە دوور بگرە، هەستت گەورەیە بەڵام مەهێڵە کەسانێك دژایەتی بیرۆکەکانت بکەن، پێویستیت بە کەسێکە بەرەو ژیانێکی جێگیرت ببات، ئەو کەسەش ئێستا هەیە، بەڵام تۆ ئاگاداری نیت، هەوڵبدە بزانە کێیە ئەو کەسە.

### گیسک


هەردەم کۆشش و ماندبوونت لەبەرچاو بگرە و قەدریان بزانە، ئەو کاتەی هەست بە خۆشی و شادی دەکەیت، پارێزگاری لەو ماوە بکە و لە کارەکانیشت جددیتر بە. لەم ماوەیە هەندێك شتت بۆ روون دەبێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە هۆشی داگیرکردووی ء بووەتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ باری دەروونیت.

### گۆزە

کاتەکانت زۆر بەفیڕۆ دەدەیت، بۆیە دەستکەوتێکت نەبووە، ئەوەش ڕێگەیەکی هەڵەیە و پێویستە زیاتر ئاگاداری خۆت و کاتەکانت بیت. کەمێك کاتت تەرخان بکە بۆ یارمەتیدانی یەکێ لەئەندامانی خێزانەکەت، هەمیشە چاوت لە ئەرك و ماندبوونی خۆت بێت و قەدری ئەو شتانەش بگرە کە ئێستا هەتە.

### نەهەنگ

ئەو کاتەی هەست بە ناخۆشی دەکەیت، بیر لە ساتە خۆشەکانت بکەوە، یان کاتێك بێ ئومێدیت پێوە دیارە، بیر لە کارە جوانەکانت بکەوە، ئەوەندەش رەشبین مەبە و بیرۆکەکانت بە جوانی دەرببڕە، لەو پڕۆژەیەی کە ئەنجامەکەی لات دیار نەبوو، ئاکامی باشی بۆت دەبێت.



## کورتە چیرۆک

- جووجەڵە هەڵۆ

هێلانەی هەڵۆیەك لەسەر کێوێك بوو کە چوار هێلکەی تێدابوو، رۆژێك بوومەلەرزەیەك هات و یەکێك لە هێلکەکان کەوتە خوارەوە کەوتە کێڵگەیەکی مریشك و کەڵەباب، یەکێك لە مریشکەکان هێلکەکەی بردە لای هێلکەکانی خۆی و لەسەری هەڵنیشت، رۆژێك هێلکەکە شکا و جووجەلە هەڵۆی لێی هاتەدەر، وەکو جوجەلە مریشکەکان وردە وردە گەورە بوو و بڕوای کرد کە ئەویش جووجەڵە مریشکە، رۆژێك لە زەویدا یاری دەکرد و چەند هەڵۆیەکی بینی لە ئاسمانەوە دەفڕن، جووجەڵە هەڵۆیەکە هەناسەیێکی هەڵکێشا و گوتی: خۆزگە منیش توانیبام وەکوو ئەوانە بفڕم! مریشك و کەڵەبابەکان پێیانگوت: تۆ لە مریشك و کەڵەشێری ناتوانی بفڕی! بەڵام جووجەڵە هەڵۆکە هەر چاوی لەوە بوو ئاخر رۆژێك بفڕێت. بەڵام هەر کاتێك کە باسی ئارەزووەکانی دەکرد، پێیان دەوت کە خەونەکانت نایەنەدی، ئەویش بڕوای بەو قسانە کرد، پاش ماوەییێك چیتر بیری لە فڕین نەکردەوە وەکو جووجەڵە ژیانی تێپەڕ دەکرد و پاش چەند ساڵ ژیانی لەگەڵ مریشك و کەڵەشێر بەڕێ کرد تا تەمەنی کۆتایی هات.



## بۆ زانیاریت

- ئەرکی خۆر

هەموو چرکەیەك خۆر، (٧٠٠) ملیۆن تۆن هایدرۆجین دەگۆڕێت بۆ (٦٩٥) ملیۆن تۆن هیلیۆم. ئەو (٥) ملیۆن تۆنەی کە دەمێنێتەوە دەگۆڕێت بۆ وزە، ئەمە بە بەردەوامی لە هەموو چرکەیەکدا روودەدات. کرداری گۆڕانی هایدرۆجین بۆ هیلیۆم و بەرهەم هاتنی ئەو وزەیە زۆر گرنگە بۆ ژیانی زیندەیی بوونەوەران و ئێمە لەسەر زەوی، پلەی گەرمی ئەم کردارە هەمیشە ئێجگار بەرزەو دەگاتە نزیکەیی (١٥) ملیۆن پلەی سیلیزی و لە ژێر پەستانێکی ئێجگار بەهێزدا کە پێوانەی ئەستەمە. ئەو ڕۆژەی کە خەزانی زەبەلاحی پڕ هایدرۆجینی خۆر بڕەکەی دادەبەزێت ئەوە خۆر دەگۆڕێت بۆ ئەستێرەیەکی سووری زەبەلاح، پاشان کرداری گۆڕانی هیلیۆم بۆ کاربۆن، نایترۆجین و ئۆکسجین روودەدات.